# حکومەتی هەرێم بۆ رێگە لەنیشتەجێ بوونی عەرەب ناگرێت لەهەرێمدا ... بەناز کوێستانی

لەدوای شەڕی جەنگی جیهانی دووەم و رووخانی هیتلەر، جولەکەکان لەژێر ستەم و زۆرداری هیتلەردا رزگاریان بوو هەرچەندە بەزەرەرێکی زۆرەوە کەئەویش نزیکەی پێنج ملیۆن جولەکە کران بەسابون، بۆیە دوای خۆ کۆکردنەوەیان کەگەورەترین سەرمایەی جیهانیان لەژێر دەستدا بوو، بڕیاریاندا کەدەوڵەتی جولەکە لە فەلەستین دابمەزرێنن، بۆ ئەم مەبەستەش داراییەکی زۆریان خستە بەردەست جولەکەکان و پێیان راگەیاندن کەماڵ و سەرەوەت و سامانیان بفرۆشن و بەرەو ناو خاکی فەلەستین برۆن، گەورەترین سیاسەتیشیان ئەوە بوو کەخانوو ماڵ و سەروەت و سامانی فەلەستینیەکان بەنرخێکی خەیاڵی بکڕنەوەو بیکەن بەموڵکی خۆیان، بەتایبەتیش سیاسەتی نیشتەجێ بوونیان گرتە بەر لەو وڵاتەدا، هەر خانوویەك خۆی نرخی چەند بوو دوو ئەوەندە زیاتریان دەدا بەخاوەنە فەلەستینیەکەی و لێیان دەکرییەوە، بەم سیاسەتە گەورەترین گورزیان لەفەلەستینیەکانداو بەشێکی زۆری ئەو وڵاتە بەر ئەم سیاسەتە کەوت و بووە موڵکی جولەکەکان، تاتوانیان سەر ژمێری دانیشتوانەکەیان زیاد بکەن و رۆژ بەرۆژ شوێنە نیشتەجێکان ماڵ بەماڵ و گەرەك بەگەرەك و شار بەشار دەبووە موڵکی جولەکەکان، تاگەیشتە ئەو بڕیارەی خاوەن ئیرادەو دانیشتوان و موڵکێکی زۆرن کاتی ئەوەیان هاتووە دەوڵەتی جولەکە رابگەیەنن، ئەم مێژووە زۆر نزیکە هێشتا بیرمان نەچۆتەوە کەچۆن ماڵە جولەکەکانی سلێمانی هەموو خانوو ماڵیان هەرزان فرۆش دەکردو بەرەو فەلەستین کۆچیان دەکرد و تائێستاش زۆربەمان خزم و کەس و کارمان لەوێ هەیە، ئاگاداری هەواڵی یەکترین زۆربەشیان بە بن جوو ناوزەند دەکرێین.

ئەگەر هەڵە نەبم و ئەمە تەنها بەڕوانینی من نا بەڵکو بەرای زۆربەی هاوڵاتیان، خەریکە مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە، بەلام ئەمجارە بەرەنگ و شێوەیەکی جیاواز تر و لەنێوان دوو نەتەوەو دوو زمانی جیاوازو یەك ئایندا، کەئەویش هاتنی عەرەبەکانی ناوەراست و خوارووی عیراقە بۆناو هەرێمی کوردستان، کەرەنگە ئەم عەرەبانە بیانەوێت هەمان سیاسەتی جولەکە دووبارە بکەنەوە لەکوردستاندا، ئەوەتا رۆژ نییە بەکۆمەڵ خێزانی عەرەب خۆیان نەکەن بەشارە کوردیەکاندا، ئەمە ئەگەر تەنها بەمەبەستی گەشت و گوزار بێت، شتێکی باشەو لاریمان لێی نییە، چونکە لەلایەکەوە ئابوری وڵات بەرز دەکاتەوە لەلایەکی تریشەوە سەردانی کەسانی بێگانە بۆ شارە کوردیەکان سودی هەیە نەك زیان، بەڵام نادروستیەکەی لەوەدایە، کەئەم خێزانە عەرەبانە لەگەڵ دەگەنە شارە کوردیەکان، یەکسەر خانوو بەکرێ دەگرن و یاخود دەیکڕن و لەسەر خۆیان یاخود ئەگەر نەکرێت کەسێکی کورد دەدۆزنەوە وەك شەریکی خۆیان و لەسەری تاپۆ دەکەن، زۆر ئازادانە لەشارەکاندا ژیانی خۆیان بەرێ دەکەن بەبێ ئەوەی هیچ لێپرسینەوەیەکیان لەگەڵدا بکرێت لەلایەن دەزگا ئەمنەیەکانی کوردستانەوە، بەبێ مۆڵەت دێن و موڵك وماڵت لێ دەکڕن و پارەیەکی زۆرتر دەدەن بەخانوو بۆئەوەی خاوەنەکانیان ئیغرا بکەن، زۆربەشیان کۆمپانیاو سەروەتەکانیان هێناوە لەکوردستاندا کاسبی پێوە دەکەن، بازاری کۆمپانیاو دەزگاکانی خۆمان بەرەو لاوازی دەبەن.

دەکرێت خراپی ئەم بوارە لەچەند روویەکەوە روون بکەینەوە کەبریتین لەمانەی خوارەوە:

- لەرووی سیاسیەوە: ئێمە وەك و نەتەوەی کورد تاکو ئێستا لەشەڕی ئەوەداین کەکورد بوونی شاری کەرکوك یەك لای بکەینەوە و لەعەرەبی هاوردە پاکی بکەینەوە بیگێرینەوە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم و جارێکی تر بەرگی کوردانەی لەبەر بکەینەوە، کەچی بەداخەوە نەك کەرکوکمان پێ ناکرێتەوە بەکورد، خەریکە شارەکانی تری وەك سلێمانی و هەولێرو دهۆکیش لەدەست دەدەین، کەئەمە گەورەترین خەتەرە کەرووبەرووی حکومەتی هەرێم دەبێتەوە، کەچی دەسەڵاتدارانی حکومەت زۆر

بێخەمانە و بێ بەرنامەو پلانانە دەروانن ئەم کێشەیەو، بەڵکو خۆیان دەرگایان بۆ کردونەتەوە، بەبیانووی ئەوەی کوردستان بەشێکە لەعیراق و هەموو هاولاتیەکیش ئازادە لەهەر شارێکی عیراقدا نیشتە جێ بێت، ئەمەش گەورەترین هەڵەی مێژووییەوە، بۆیە پێویستە لەسەر لێپرسروانی حکومەتی هەرێم کەبەخەم ئەم کێشەیەوە بێن و ئاورێکی جدی لەهاتنی ئەو عەرەبانە بدەنەوەو نەهێڵن بەبێ مۆڵەتی ئاسایشی هەرێم بێنە ناو کوردستانەوە، هەروەها بریارێك لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەربچێت، کە هیچ عەرەبێك بۆی نەبێت خانوو مولك لەکوردستان بکرێت و لەسەر خۆی تاپۆی بکات. چونکە زیاد بوونی رێژەی ئەوان واتە دەست وەردانیان لەسیاسەت و باری رامیاری کوردستان و پاش چەند ساڵێك بۆیان دەبێت کەخۆشیان کاندید بکەن بۆ حکومەت و پەرلەمان و بەتەواوەتی دەست بەسەر سیاسەتی کوردستاندا بگرن و جێگە بەحزبە کوردستانیەکان لێژ بکەن، بۆیە دەیڵێمەوە ئەگەر کاری دەست و بردی بۆ نەکرێت ئەوا حکومەت خۆی بەرپرس دەبێت لەئەنجامی داهاتوو.

- لەرووی نیشتەجێبوونەوە: تاهەنووکە هەر سێ شارە کوردیەکە بەدەست کێشەی نەبوونی شوێنی نیشتەجێ بوونەوە دەناڵێنێت و رۆژ بەرۆژ نرخی خانوو کرێ خانوو لەزیاد بووندایە، ئێستا کەهاتنی ئەو عەرەبانە زیادی کردووە کێشەکە ئەوەندەی تر گەورەتر بووەو کرێی خانوو هەر ناوێری باسی بکەی، بۆیە ئێستا رێژەیەکی زۆری جیابوونەوە لەدادگا بەهۆی شوێنی نیشتەجێ بوونەوەیە.

- کێشە لاوان: لاوان قوربانیەکی ترن لەو قوربانیانەی کەبەدەست هاتنی ئەم ئەم خێزانە عەرەبانەوە دەناڵێنن، چونکە گەورەترین کێشەی لاوان ئەوەیە کەموچەیان کەمەو ناتوانن شوێنی نیشتەجێبوون دابین بکەن و خێزان پێکەوە بنێن، ئەگەر خێزانیشیان پێکەوەنا چۆن ماڵ دابنێن و چۆن بتوانن ژیانی رۆژانەی خۆیان و خێزانیان دابین بکەن، بۆیە زۆربەی لاوان مانیان گرتووە لەپێکەوە نانی خێزان و زۆربەیان پەنا دەبەن بۆ کۆچ و بەرەو ولاتانی ئەوروپا کۆچ دەکەن، یەکێك لەقاچاخچیەکانی یۆنان وتی: ئێستا کۆچی لاوانی کورد بەرەو هەندەران وەك ساڵانی 94-95 لێهاتووە، ئەمجارەیان لاوان تەنها کورەکانیان نا بەڵکو کچەکانیش وەك کوران بەرێگای قاچاخ بەرەو هەندەران دەرۆن، لەکاتێکدا بەرۆشتنی ئەمان گەورەترین کێشە دروست دەبێت، ئەویش نەمانی گەنج و لاو دەستی کار لەکوردستاندا و جێگرتنەوەی ئەوان بەعەرەبی ناوەراست و خوارووی عیراق.

- ژێرخانی ئابوری: لەبەر ئەوەی ئەو عەرەبانەی کەدێنە کوردستان زۆربەیان خاوەن سەرمایەن و دێن سەرمایەکانیان لەکوردستاندا دەخەنە گەڕ، رەنگە ئەمە لەلایەکەوە سودێکی باشی هەبێت، بەلام لەلایەکی ترەوە گەورەترین زەرەر بەژێرخان و سەرمایەی ئابوری دەگەیەنێت چونکە لەداهاتوودا وای لێدێت سەرمایەو بازارمان بەدەست عەرەبەکانەوە دەبێت و لەکۆنترۆڵی حکومەتی هەرێم دەردەچێت.

- لایەنی رەوشتی: دەکرێت بڵێم ئەمە ترسناکترین لایەنە کەدەمەوێت بەروونی شیبکەمەوە، پێش پرۆسەی رزگارکردنی عیراق، شارە کوردیەکان هەموو جۆرە ئامێرێکی تەکنەلۆژی پێشکەوتووی بەخۆیەوە بینیەوەو هاولاتی کورد بەکاری هێناوە دەکرێ بڵێم لە 90%ی بەشێوەیەکی تەندروست ئەو ئامێرانەیان بەکار هێناوە بەبێ ئەوەی شتێکی زۆر زەقی بێرەوشتی لەکوردستاندا دەرکەوتبێت، ئەگەر هەش بووبێت بەشێوەی تاك و تەرا بووە، هەر لەسەتەلایت و کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت و مۆبایل و هاندی کامیرای هەمووی لەبەر دەستدا بووە، بەلام لەپاش پرۆسەکەو لەگەڵ هاتنی عەرەبەکان، دیاردەیەکی زۆر ترسناك و نادروست لەکۆمەڵگەکەماندا سەری هەڵداوە کەبەهیچ شێوەیەك لەگەڵ کەسایەتی و خورەوشت و کلتوری هاولاتی کورد یەك ناگرێتەوە، ئەویش دیاردەی بەربلاوی لەشفرۆشی و تۆری لەشفرۆش بەشێوەیەکی بەرچاو و بەربلاو بلاوکردنەوەی سیدی و کورتە فیلمی سێکسی بەهۆی مۆبایلەکانیانەوە، بەدڵنیاییەوە ئەمە تەنها لەکلتوری دەشتەکی عەرەب و کەسایەتی ناتەندروستی

عەرەبدا یەکانگیر دەبێت، ئێستا بەکۆمەڵ تۆری لەشفرۆشی ژن و کچی عەرەب دەهێننە کوردستان و کاریان پێوە دەکەن و پاش ماوەیەك ئەوانە دەبەنەوەو کۆمەڵێکی تر دێنن و رۆژانە ئەمە کاریانە، سەرباری بڵاوکردنەوەی ئەو کورتە فیلمانە بەهۆی مۆبایلەوە بۆ دۆزینەوەی مشتەری و خۆپێشاندانیان بەرووتی بۆ موشتەریەکانیان بەرزکردنەوەی نرخیان، کەوای کردووە دیاردەیەکی زۆر دزێو لەنێو لاواندا بڵاوبۆتەوە لاوانی کورد بەرەو لادان دەبەن، سەرەرای ئەوەی کەچەندەها کچی کورد لەخشتە دەبەن و کاری سیکسیان لەگەڵ دەکەن و پاشان فیلمەکانیان بلاو دەکەنەوە، کەئەمەش لەگەل کلتور و رەوشتی کەسایەتی کوردی یەك ناکرێتەوەو پێیان قبوڵ ناکرێ و ناچار ئەو کچانەیان دەکوژن، بۆ سرینەوەی ئەو لەکەیە، چەندەها نمونەی زیندوشمان هەیە کەلەشارەکانی هەلێرو سلێمانی و دهۆك رویان داوەو پاشان کچەکان کوژراون.

لەکۆتایدا دەمەوێت نەك تەنها بەناوی خۆمەوە بەڵکو بەناوی لاوان و ئەو کچانەی بوونەتە قوربانی و هەموو ئەو کەسانەی ئەم کێشەیە بۆتە خەمێکی گەورە بۆیان، داوا لەسەرۆکی عیراق و سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت دەکەین کەئاورێکی جدی لەم دیاردە کێشەیە بداتەوەو بەجدی رێگا چارەی گونجاویان بۆ بدۆزێتەوە بریارو راسپاردەی توند دەربکات و سانسۆر لەسەر هاتنە ناوەوەی عەرەبی ناوەراست و خوارووی عیراق دابنێت ئەویش بەهۆی:

-هەر هاولاتیەکی عەرەب مۆڵەتی رەسمی وەربگرێت لەئاسایشی هەرێم، ئەگەر بۆ گەشت و گوزاریش هاتبێت. چاودێری بکرێن.

-بریارێك دەربچیت کەهیچ هاولاتیەکی بەرەگەز عەرەب بۆی نەبێت خانوو موڵك لەشارە کوردیەکان بکڕن.

-هەموو عەرەبێك کەدێتە کوردستانەوە یەکێك پشتگیری بکات و بیناسێت و ناونیشانی شوێنی نیشتە جێ بوونی لێ وەربگیرێت، بۆ ئەوەی دڵنیا بن کەتیرۆریست نین یاخود سەر بەگروپێکی تیرۆریستی نین، لەپێناو پاراستنی ئاسایشی حکومەتی هەرێمدا.

-کەسانی گومان لێکراو کەشکی ئەوەیان لێ دەکرێت کەبۆ کاری بەدرەوشتی و لەشفرۆشی دێنە کوردستانەوە رێگایان لێ بگیرێت، چونکە دەبنە هۆی تێکدانی رەوشتی و بڵاوکردنەوەی چەندەها نەخۆشی بەهۆی نەبوونی چاودێری تەندروستیەوە.